کونسوڵخانەی ئەمریکا لە هەولێر: پشتیوانی لە هەڵبژاردنی پەرلەمان دەکەین



کونسوڵخانەی ئەمریکا لە هەولێر، پشتگیری لە دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کرد و رایگەیاند، هەڵبژاردنێکی ئازاد و دادپەروەرانە بۆ دیموکراسی و ئایندەی هەرێمی کوردستان گرنگە.

کونسوڵخانەی ئەمریکا لە هەولێر لە پۆستێکدا لە پلاتفۆرمی ئێکس (تویتەری پێشو) بڵاویکردەوە، "پشتیوانی لە دیاریکردنی رێژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەکەین".
ئاماژەی بەوەشکردوە، پشتگیری لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دادپەروەرانە دەکەین کە بۆ دیموکراسیەکی تەندروست و ئایندەی هەرێمی کوردستانی عێراق زۆر گرنگە.

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، فەرمانی هەرێمی بۆ دیاریکردنی رێژی هەڵبژاردنی داهاتوی پەرلەمانی کوردستان واژۆکرد و رێژی 10ی 6ی 2024 هەڵبژاردن بەڕێوەدەچێت.